إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الصحة
المديرية العامة للامور الصحية

Kurdistan Region-Iraq
Council of Ministers
Ministry of Health

هەرێمی كوردستان- عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری تەندروستی


No: ژمارە: ٧٤٨١

Date: 17 / 7 / 2018 ڕێكەوت: / / ٢٧١٨كوردی

(پێشمەرگە سومبولی نەتەوەیی وپارێزەری كوردستانە)

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر، سلێمانی ، دهۆك، ، هەڵەبجەی شەهید ، گەرمیان، ڕاپەرین ،كۆیە /بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی**

**ب/ ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی هاوردن و كارگە و شوێنی فرۆشتن و خواردنەوەی بەرهەمە كهولیەكان**

دوا بەدوای فەرمانی وەزاریمان ژمارە ٢٩٧٩ لە ٢٠١٦/٦/٦ و بڕیارەكانی دەستەی ڕاویژكاری سەلامەتی خۆراك لەرۆژی ٢٠١٧/٣/٢٠ ژمارە(٩ ، ١٠) برگە حەفتەم سەبارەت بە ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی هاوردن و كارگە و شوێنی فرۆشتن و خواردنەوەی بەرهەمە كهولیەكان كاری پێویست ئەنجام بدەن بە جێ بە جێ كردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:

**بەشی یەكەم :- ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی هاوردن وفرۆشتن و خواردنەوەی بەرهەمە كهولیەكان**

**مادەی یەكەم :-** لایەنی دەسەڵاتدار بە پێدانی مۆڵەتی هاوردن و فرۆشتنی خواردنەوەی كهولیەكان.
وەزارەتی تەندروستی – بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری تەندروستی- بەشی چاودێری وسەلامەتی خۆراك

**مادەی دووەم:-** لایەنی جێ بە جێ كردنی ڕێنمایی فرۆشتنی خواردنەوەی كهولیەكان
وەزارەتی تەندروستی – بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری تەندروستی- بەشی چاودێری وسەلامەتی خۆراك

**مادەی سێیەم:-** مەبەست لە ڕێكخستنی پرۆسەی پێدانی مۆڵەت بۆ خواردنەوە كهولیەكان :

**برگەی یەكەم :-** بەدەستهێنانی داتا وزانیاری پێویست بەكار وچالاكیەكانی بازرگانان وكۆمپانیاكان وشوێنەكانی فرۆشتنی (محل )خواردنەوەی كهولیەكان و شوێنی خواردنەوە(بار) و كارگەكانی دروستكردنی خواردنەوە كحولیەكان .

**برگەی دووەم :-** پارێزگاری كردن لە تەندروستی هاوڵاتیان

**برگەی سێیەم :-** ئاسانكردنی بەدواداچوون وهەڵسەنگاندنی ئیش كارەكانیان .

**برگەی چوارەم:-** وەرگرتنی ڕێكاری پێویست بەرامبەر ئەو خاوەن پیشانەی كە سەرپێچی دەكەن

**برگەی پێنجەم :-** جێ بە جێ كردنی ڕێنماییە تەندروستیەكان لەسەر شوێنەكانی فرۆشتن.

بەشی دووەم :- پێداویستیەکانی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی هاوردنی خواردنەوە کهولیەکان:-

١- پێشکەشکردنی داواکاری لەسەر کلێشەی کۆمپانیا (بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی، بابەت/ تۆمارکردن).

٢- وەرگرتنی وکالەی حصری لە کۆمپانیای سەرەکی یان (کارگە)؛ تصدیق کردنی وەکالەی حصری لە سفارەی عیراقی ئەو وڵاتە یان نوینەرایەتی حکومەتی هەریم.

٣- بەلگەنامەی بیسەلمێنێ کە هاولاتیانی وولاتی بەرهەمهێنەر ئەم بەرهەمە بەکاردەهێنن (free sale) و تصدیق کردنی (free sale)لە سفارەی عیراقی ئەو دەوڵەتە یان نوینەرایەتی حکومەتی هەریم.

٤- پێویستە بەرهەمەکە بە گوێرەی تایبەتمەندی عیراقی بێت.

٥- وەرگرتنی شهادەی تەندروستی کۆگا (مخزن) لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان وە ساڵانە نوێ بکرێتەوە.

٦- هێنانی نوسراوی سەرپشککردن (کتاب تخویل) لە کاتی خاوەن کۆمپانیا خۆی ئامادەنەبوو.

٧- هێنانی مۆر (ختم)ی کۆمپانیا.

٨- دەبێت خاوەن کۆمپانیای تایبەت بە هاوردنی خواردن وخواردنەوە بێت یان کۆمپانیای گشتی پێویستە برگەی چالاکی هاوردنی خواردن وخواردنەوە هەبێت.

٩- خاوەنی کۆمپانیا ناسنامەی ژووری بازرگانی هەبێت.

١٠- فەرمانی کارگێری و بەلگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.

١١- مۆلەتی هاوردنی هەبێت.

١٢- تۆمار کردنی ناوی بازرگانی لە ژووری بازرگانی و هێمای بازرگانی لە بەشی تۆماری هیماکان.

١٣- تیمی وەزارەتی تەندروستی هەڵدەستێت بە سەردانی کردنی کارگەی بەرهەمهێن بە مەبەستی وردبینی کردن لە بەرهەم و بەلگەنامانەی پێشکەشی کردووەن لە کاتی پیویست.

١٤- بەڵێنامە بدات کە پابەندە بە ڕێنمایی وەزارەتی تەندروستی .

ژمارە:
No:

ڕێکەوت: / /٢٧١٨کوردی
Date: / / 2018

**بەشی سێیەم :- پێداویستیەکانی هاوردنەوە کهولیەکان:-**

١. پێشکەشکردنی داواکاری لەسەر کلێشەی کۆمپانیا (بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی، بابەت/ هاوردن)

٢. Certificate of origin, certificate of analysis, Health certificate, packing list,invoice پەسەندکرابێت لە لایەن لایەنیکی فەرمی ، کۆپی بەلگەنامەکان لەکاتی پێشکەشکردنی داواکاری وە بەلگەنامە اصلی (original) لە کاتی گەیشتنی بەرهەمەکان.

٣. کۆگاکردن وگواستنەوە و هەلگرتن و فرۆشتنی بە گوێرەی تایبەتمەندی عیراقی بێت ، یان بە گوێرەی ستاندەری جیهانی ئەگەر لە سەر بەرهەمەکە نە نوسرابێت.

٤. نمونە مەبەستی پشکنین لە تاقیگەی ناوەندی خۆراك. لە کاتی سەردانی کۆگا سالانە ٢ جار [illegible] وەرگرتنی نمونە بە

**بەشی چوارەمەم :- ڕینمای کارگەکانی ناوخۆ بۆ دروستکردنی خواردنەوە کحولیەکان:-**

١. تۆمار کردنی کارگە لە دیوانی وەزارەت /بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو باری تەندروستی /بەشی چاودێری و سەلامەتی خۆرك.

٢. وەرگرتنی مۆلەتی تەندروستی کارگە لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان وە سالانە نوێ بکرێتەوە.

٣. پشکنینی کارگە لە لایەن تیمی چاودێری و سەلامەتی خۆراك لە دیوانی وەزارەتی_تەندروستی پرکردنەوەی فۆرمی تایبەت ژمارە ك١.

٤. وەرگرتنی نوسراوی ڕێگە پێدان بۆ هاوردنی مواد و کەل و پەلی سەرەتای لە دروستکردنی خواردنەوەی کحولی.

٥. پابەند بوون بە مەرجە گشتیەکان بۆ کارگە( ڕینمای ژمارە (٨) سالی ٢٠٠٠ مەرجە گشتیەکان).

**بەشی پێنجەم :- پێداویستیەکانی شوێنی خواردنەوەی کهولیەکان (بارەکان) و فرۆشتن (٠محل):**

١-پێویستە مۆڵەتی تەندروستی وەربگرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی دوای بەرجەستبوونی پێداویستی ومەرجە تەندروستیەکان وە نوێ کردنەوەی مۆلەتی سالانە (تعلیمات رقم (٥) سالی ١٩٨٢).

٢-پێویستە ساردەکەرەوەی هەبێت بۆ هەلگرتنی ئەو خواردنەوانەی پێویستیان بە ساردەکەرەوە هەیە وە ژمارەی ساردەکەرەوەکان گونجاو بێت لەگەلٚ ڕووبەری شوێنەکە وبڕی خواردنەوەکان.

ژمارە: No:

ڕێکەوت: / /٢٧١٨کوردی Date: / / 2018

٣-پێویستە ئەو کەسانەی لە شوێنی خواردنەوەی کهولی کاردەکەن کارتی تەندروستییان هەبێت .

٤. نەفرۆشتنی مشروباتی کحولی بە کەسانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ وە ڕێگەندان بە هاتنە ژوورەیان لە شوینەکانی خواردنەوە کحولیەکان (بارەکان)

٥- بوونی W.C ، مغسل ، سابونی شل ، کلینکس ، سەلەی زبل گرینگی دان بە پاك وخاوێنی وە بوونی کەل وپەلی وپێویست بە پاك ڕاگرتنی شوێنەی وپاك وخاوینی جلی کارمەندان.

٦-پێویستە هەموو ئەو خواردنەوەی کهولیەکان لەو شوێنانە دەفرۆشرێن وپێشکەش دەکرێن بە نیشانەی بازرگانیان دیار بکرێت وبە شێوەیەکی یاسایی مۆڵەتی هاوردنیان پێ درابێت.

٧-لایەنی تەندروستی سەرپشکە لە وەرگرتنی نموونە بە مەبەستی پشکنینی لە تاقیگای خۆراك ولە کاتی دەرنەچوونی نموونەکان لە پشکنین هەڵدەستێت بە لەناوبردنی.

٨-بوونی فریاگوزاری تەندروستی سەرەتایی لە شوێنی خواردنەوەی کهولی.

**بەشی شەشەم :-** لەکاتی گواستنەوەی وەکالەی حصری بەرهەمەکە بۆ سەر ناوی کۆمپانیایەکی تر دەبێت خاوەن کۆمپانیا (وەکیل حصری) خۆی ئامادەبێت بە دەستبەرداربوونی لە خاوەنداریەتی :-

١. لەکاتی وەرگرتنی بۆ میراتگرانی پێویستە ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوەی هەبێت.

 ١. داواکاری میراتگر.
 ٢. قسام شرعی.
 ٣. وەفات نامە.
 ٤. رازیبوونی یان تەخویلی میراتگران بۆ کەسێك بۆ جێ بە جێ کردنی کار و چالاکیەکانی.

**بەشی حەوتەم:- ڕێکاری سزایی**

- سەرپێچیکار سزادەدرێت بەپێ یاسا و ڕێنمایە کارپێکراوەکان.

**بەشی هەشتەم :-**

١. کار بە هیچ رینمایەك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ مادده و برگەکانی ئەم ڕێنمایە.

٢. ئەم ڕێنمایانە جێ بە جێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی.

إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الصحة
المديرية العامة للامور الصحية

Kurdistan Region-Iraq
Council of Ministers
**Ministry of Health**

- عیراق
...ومەنی وەزیران
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی

No: ژمارە:

Date: / / 2018 ڕێکەوت: / /٢٧١٨کوردی

د.ڕێکەوت حمه رشید کریم
وەزیری تەندروستی
٢٠١٨/٧/١٧

*وێنەیەك بۆ :.*

- نووسینگەی جەنابی وەزیر /بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا..
- وەزارەتی پیشەسازی وبازرگانی
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگی هەرێم
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەنردوستی
- بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی وخۆراك/بەشی چاودێری خۆراك /د ابراهیم/بۆ جێ بە جێ کردن/لەگەڵ بەراییەکان
- دوسیەی گشتی
- خولاو

Kurdistan Region - Erbil / Jahid Int.
Phone: 066 223 8014 - 066 223 8015

www.moh-krg.org
E-Mail: it_dep_moh@yahoo.com

هەرێمی کوردستان ـ هەولێر / چوار ڕیانی جاهید
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٣ ٨٠١٤ — ٠٦٦ ٢٢٣ ٨٠١٥